**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٧٢٥٢ لە ٢٠٢٦/٣/٤**

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**فراوانکردنی گوندی (کانی کەوەی کۆن)**

بەپێی ئەوە دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو و تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٧٣٠) لە٢٠٢٦/٢/٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

**یەکەم:** فراوانکردنی گوندی (**کانی کەوەی کۆن**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/ (٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە قائمقامیەتی قەزای شارەزوور/ پارێزگای سلێمانی بەڕووبەری (-،-،٨٣) هەشتا و سێ دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥) لە کەرتی (٣ی حاصڵ و تەپەکەل) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لەسەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٣١٥٢ لە ٢٠٢٦/٤/٧**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦**

ئاماژە بە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- هێنانە کایەی (بەڕێوەبەرایەتی گومرگی پیشابوور) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە کۆمەڵگەی دەروازەی پیشابووری نێودەوڵەتی.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**